# مەترسیگەلێکی شاراوە

ئەمجەد شاکەلی

ڕەوشی کورد، لە باشووری کوردستان، ڕاستە ئێستاکە، مەترسی گازباران و ژارباران و ئەنفالی لە سەر نییە، لێ مەترسیگەلێکی دیکەی، فرەدژواری لە سەرە و ئەگەر بە وردی تەماشانەکرێن، دیتنیان هێندە ئاسان نییە. من لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەک لەو مەترسییانە دەکەم، کە من بۆ خۆم بە مەترسییان دەزانم و حەزیش دەکەم، سەرانی کورد، بیرێکی لێ بکەنەوە:

1. کە شاندێکی عیراقی، وەزیرێک یا بەڕێوەبەری کارگێڕییەک، لە حوکومەتی بەغدا، یا شاندێکی وڵاتێکی عەرەبی، یا کۆمکاری عەرەبی، دوای سەردانی خێڵ و هۆز و مەلا و ئاخوند و شێخ و چایخانە و بازێڕەکانی عیراق، دێنە کوردستان و دەچنە کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و لەگەڵ بەرپرسانی هەرەگەورەی کوردستان و سەرانی کورد، کۆ دەبنەوە، تەنێ یەک مەبەستیان، لەو سەردانانەیان هەیە و یەک پەیامیان پێیە، ئەویش: تەماشاکردنی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و هەموو میترە خاکێکی کوردستان، وەک بەشێک لە عیراق و عیراقیش، وەک بەشێک لە خاکی عەرەب، دەنا بێجگە لەوە، هیچ مەبەستێکی دیکەیان نییە. ئەو شاندانە، کە دەگەڕێنەوە بۆ شوێن و جێگەی خۆیان و ئەنجامی گەشتەکەیان لە کوردستان، دەکەنە ڕاپۆرت، بۆ هاوکاران و بەرپرسان و کارگێڕییەکانیان، هەرگیز باسی ئەوە ناکەن، کە سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵکە دەڵێن، سەری بەسرە، حللە، کەربەلا، کەرکووک، هەولێر و سلێمانییان، لە عیراق داوە، یا دەڵێن، سەری باشوور و باکوور و ناوەندی عیراقیان داوە. ئەو بەرپرسانەی کۆمکاری عەرەب و هەر بەرپرسێکی دیکەی عەرەبیش، کە ئەوڕۆ دێنە کوردستان، هەموویان تا سەددام حوسەین مابوو، دەروێشی وی بوون و چاویان یەک مەینەتی و ماڵوێرانی و ئەنفال و گازبارانی کوردیان نەدەدی. من پێموایە ئێستاش هەروا بیر دەکەنەوە و هیچ گۆڕانێک بە سەر دیتن و هەڵوێستیاندا نەهاتووە و هیچ پێویستیش ناکات، کورد بە سەردانی ئەو بابەتانە دڵخۆش بێت.

2. ئەوڕۆ بە بیانووی سەرمایەگوزاری و وەگەڕخستنی پارە و پووڵ و کردنەوە و دەستپێکردنی پرۆژە و...عەرەبێکی زۆری عیراقی ڕوویان کردووەتە کوردستان و دەستیان کردووە بە کڕینی خاک و خانوو و سەدان جێگە و شوێنی دیکە، لە دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستان. ڕەنگە دەسەڵاتداریەتی کوردستان، پێیانوابێت، ئەوە کارێکی باشە و دەبێتە هۆی بووژانەوە و پێشخستنی ئابووریی کوردستان، بەڵام ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە، کە هاتنی عەرەبێک بۆ کوردستان و دەست بە کار کردن تێیدا، گەلێک جیاوازە لەوەی، کابرایەکی چینی یا مالیزی یا فرانسەیی، بێتە کوردستان و پرۆژەیەک بکاتەوە. هاتنی عەرەبێک بۆ کوردستان، دەکاتە هاتنی هۆزێکی عەرەب بۆ کوردستان و دەکاتە هاتنی پەیامی عەرەباندن و تێکەڵکردنەوە و گێڕانەوەی کوردستان، بۆ باوەشی عەرەبستان.

3. بەشێکی زۆری پرۆژە و کارێک، کە لە کوردستاندا، چێ دەکرێن و چاوەڕوانن چێ بکرێن، ئەنجامدانی کارەکە، دراوەتە کۆمپانیا و سەرمایەدار و بەڵێندارانی تورکیا و لەگەڵ ئەواندا، دەیان ڕێککەوتن و پێکهاتن مۆرکراوە و ئەوان تەواوی ئەو کارانە دەکەن. هەرچی لەمەڕ هاتنی عەرەبەوە بۆ کوردستان، گوتم، هاتنی تورکیا، دەهێندە و پتر مەترسیی هەیە. تورکیا، کە دێتە کوردستان، پێگەیەک بۆ خۆی و پیادەکردنی سیاسەتی خۆی، ساز دەکات و بە هاسانی دەتوانێت، پێوەند بە تورکمانی کوردستانەوە بکات و لە ڕێگەی ئەوانەوە، هەر کارێک بیەوێت، ئەنجامی بدات. تورکیا بە چێکردنی پرۆژە و ئەو کارانەی پێی دەسپێردرێت، دەتوانێت، هەزارویەک فێڵ و تەڵەکەیان تێدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بکات. تورکیا دەتوانێت سەدان ئامێری سیخوڕیی، کە ئێستا نوێترین تەکنیکی هەیە و هەزاران جۆری هەیە و هەر لە ئامێری وێنەگرتنەوە بیگرە، تا دەگاتە ئامێری گوێڕادێران و ژنەفتن، کە دەکرێت دابنرێن و لە رێگەی ئەوانەشەوە، کۆنترۆڵی هەموو کار و چالاکی و قسە و ڕەوتارێکی، ئەو خەلکانە و ئەو پرۆژانە و شوێنی دیکەیش بکەن و تەواوی زانیارییش بدەنە، دەسگا سیخوڕی و فەرمییەکانی خۆیان. وەها کارێک لە زۆر جێگەی ئەم جیهانە کراوە و دەکرێت. ڕۆژانە لە کەناڵەکانی کوردستان تیڤی و کوردساتەوە، ڕیکلام بۆ مۆبێلە و ئامێر و شتی تورکی دەکرێت و دەیان فرۆشگە و بازاڕی تورکی، کە لە کوردستان کراونەوە، دەکرێت. کورد و دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، ئەگەر سیاسەتێکی ئابووری و نەتەوەیی و فەرهەنگییان هەبووایە و نەخشەیەکیان، بۆ کارکردن و داهاتووی کوردستان هەبووایە و برێک دوورتر بیانڕوانییبایەتە پرسی کوردستان و کورد و کوردستانیان وەک یەک خاک و کوردیان وەک یەک نەتەوە دیتبا، هەرگیز وەها کارێکیان نەدەکرد. ڕیکلام بۆ فرۆشگە و کاڵای تورکی، دەکاتە ڕیکلام بۆ تورکاندنی کوردستان و ڕیکلام بۆ لەنێوبردنی کورد. خەڵک لە ئەورووپا لە دژی ئیسرائیل، پرتەقاڵی یافا ناخۆن و شتی ئیسرائیلی بەکار نابەن. خەڵک لە دژی ئەمەریکا، کۆکاکۆلا ناخۆنەوە. خەڵک لە دژی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر کورد، بۆ گەشت و پشوو، ناچنە ئەنتالیا و ئالانیەی تورکیا. لەو نموونانە یەکجار زۆرن لەم ئەورووپایە. کورد، ئەگەر برێک هەستی نەتەوەیی هەبووایە، دەبوو بە تەواوی دژایەتی کاڵا و شتی تورکی بکات و وەک دەیشیکرێت و بە کاری دەبات، دەبوو ڕیکلامی بۆ نەکات. هەر جڤێنێکی سەرانی کورد و کارگێڕییەکانیان دەکرێت، دەیان شووشە ئاوی تورکی لە سەر مێزەکانیان دانراوە و هیچ پێشیان شەرم نییە، کە لەو ئاوە دەخۆنەوە. دەبوو کۆڵێک شەرمیان کردبا، یەکەم لەبەر ئەوەی ئەوە هی تورکیایە و دووەمیش لە بەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە کوردستانەکەی، کە ئەوان فەرمانڕەواین، ئاوی خواردنەوەی پاکژی نییە، بۆ خواردنەوەی ڕۆژانەی و تێر ئاو ناخواتەوە.

4. ئەورۆ هێرشێکی یەکجار فراوان و چڕ، لە لایەن شۆڤینیستانی عەرەب و تورکمان و کلدۆ-ئاشوورییانەوە، دەکرێتە سەر کورد و کوردستان. تورکمانەکان ، داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی عیراق دەکەن و خۆیان وا پێشان دەدەن، کە کورد دەیانچەوسێنێتەوە. عەرەب داکۆکی لە تورکمان دەکات و کەرکوک بە باژێڕی تورکمان دەداتە قەڵەم، تەنێ بۆ ئەوەی، نەبێتە هی کورد. کلدۆ-ئاشوورییان، کۆنگرە دەگرن و کڵێسە دەکەنەوە و بۆنە دەدۆزنەوە و خۆیان بە نێزیکی عەرەب پێشان دەدەن و جەخت لە سەر عیراق و عیراقیبایەتی دەکەنەوە، تەنێ بۆ ئەوەی لە کورد دوور بکەونەوە و نێوی کوردستان نەبەن. تۆ تەماشای نووسینی سەر کڵێسە و شوێنە دیانەکان بکە، دەبینیت، لە دهۆک، هەولێر، زاخۆ، دیانە، شەقڵاوە، یا هەر جێگەیەکی دیکەی کوردستان، دەبینیت لە سەرەوە بە زمان و تیپەکانی خۆیان، نێوی ئەو شوێنەیان نووسیوە و لە بنیشەوە بە عەرەبی نووسیویانە. ئیدی یەک وشەشیان بە کوردی نەنووسیوە، ئەوە لە کاتێکدا ئەوانە لە کوردستانن. تۆ تەماشای بنکە و مەکۆی حیزب و کۆمەڵە تورکمانییەکان بکە، کە لە کوردستانن، ئەوانیش هەرگیز بە کوردی نێوی ئەو شوێنانەیان نانووسن و ئەگەر بە زمانێکی دیکەی بێجگە لە تورکمانی نووسیبێتیان، ئەوا بە عەرەبی نووسیویانە. ئەورۆ لە ماڵپەڕ و ڕووپەلەکانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیاکانی دیکەی جیهاندا و ئەو شوێن و جێگانەی، کە تورکمان و ئاشووری و کلدان و عەرەبە شۆڤینیستەکان دەستیان پێ ڕادەگات، بە هەموو شێوازێک و بە هەموو ئامرازێک، هەوڵ دەدەن و نەخشە دادەنەن و کار دەکەن، بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی، ناوی کوردستان و کورد و شێواندنی مێژوو و ڕاستی و پتری کارەکانیشیان بە چڕوپڕی ئاراستەی کەرکووک و مووسڵ و ئەوانە دەکەن، کە کورد بۆ خۆی ساردییەک دەنوێنێت، لە ئاستیاندا و بەبەرچاوی کوردەوە، زەوت دەکرێن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

5. سەرانی کورد، گرنگییەکی زیاد لە پێویست، بە کلدان و ئاشووری و تورکمان و عەرەبی کوردستان و دەرێی کوردستان دەدەن. ئەوان(کلدان و ئاشووری و تورکمان و عەرەب) هەرگیز و لە هیچ قوژبنێکی ئەم جیهانە، ددانی خێر بە یەک شتی کورد و کوردستاندا نانێن. تەواوی تورکمان و ئاشووری و سریان و کلدانێک، کە ئێمە لەم ئەوروپایە ڕۆژانە، کەپوومان بە کەپوویانەوە دەتەقێت، لەبری وشەی کوردستان، هەر بەشێکی کوردستان، ئەوان دەڵێن: عیراق، تورکیا، سووریا، ئێران. تۆ هەرچەندی هاوار دەکەیت و دەتەوێت، دەنگی خۆت بگەیەنیتە ئەوروپاییان، ئەوان ڕیسەکەت لێ دەکەنەوە بە خوری و هەرچی تۆ بینای دەکەیت، ئەوان بۆتی دەڕووخێنن. کورد، چەندی گرنگی بەو خەڵکانە بدات و بیانهێنێتە پێشێ و ئامێزیان بۆ بکاتەوە و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و میدیایان، بخاتە بەردەست و ڕێزیان لێ بگرێت و بە هاواریانەوە بچێت و بانگهێشتنیان بکات و پرسە و شاییان بە مەزنی پێشان بدات، ئەوان هێندەی دی قینیان لە کورد دەبێتەوە و هێندەی دی جێی خۆیان قایم دەکەن و هێندەی دی سواری سەری کورد دەبن و دەبنە کەڵەگا لە کوردستان و پێشیانوایە، کە ئەوەی کورد بۆیان دەکات، ئەرکێکە و دەبێت بیکات و چ منەتیشیان بە کورد نییە.

2003/12/28



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com